## لەیادی رۆژنامەگەری کورددیدا بەداخەوە.. هێرشی نارەوا دەکرێتە سەر زەکەریا.. هونەر فارس

عومەر فارس ویژدانی خەلکی نەتەزاند بەڵکو ناوی خەڵکی زڕاند..
بە داخەوە هەرکەسێک کۆمپیوتەرێکی دەکڕی و بە ئارەزووی خۆی پەلاماری ئەم و ئەو دەدات بەبێ ئەوەی کەپیتێکی خوێندبێ لەئەلف وبای رۆژنامەگەری و یان برگەیەک بزانێ لە رێساو یاساکانی رۆژنامە نووسی. گوتمان ئەوانەی لە کوردستانن بۆی هەیە شارەزاییان نەبێ بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەن باش دەزانن ئەگەر یەک جار رۆژنامەکیان خوێندبیتەوە دەبێ بزانن کە هیچ کەسێک بۆی نییە بوختان وشتی نارەوا بخاتە پاڵ هەر کەسێک، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی لەدەرەوەن شارەزای زمانی ئەو وولاتە نین کەتیایدا دەژین ئەگینا کەس لە خۆڕا نابێ پەلاماری خەلک بدات.. عومەر فارس بەتاقی تەنیا ماڵپەرێک بەرێوە دەبات و ناوە ناوە سەرنج وتێبینی خۆی تێدا بلاو دەکاتەوە خۆی بە کوردی عەیار بیست ویەک دەزانێ هەموو خەلکیش بە پیاو خراپ و خاین لە قەلەم دەدات و ناوە ناوە پڕدەداتە ناوی خەلک و هێرش دەکاتە سەر هەرکێی کەیفی لێ بی..

بەناوی حەزرەتی زەکەریا چەند رۆژ لەمەوبەر شتێکی کرچ وکاڵی دوور لە دابو نەریتی رۆژنامەگەری نووسی کە هەرگیز ناچێتە خانەی نووسین بەلکو تەنها بۆ مەبەستی ناوزڕاندن وناشیرین کردنی ناوی خەلک نووسرا. عومەر ویستی خۆی بکاتە مرۆڤێکی پاک وبەویژدان بۆ ئاوارەکانی کەرکووک و لێ قەوماوان بپارێتەوە کە ئەوەش کارێکی زۆر پیرۆزو رێز لێگیراوە بەڵام نەک لەسەر حیسابی ناشیرین کردنی ناوی خەلک بەتایبەتی هونەرمەند زەکەریا.. چونکە زەکەریا هیچ تاوانی نییە لە بێ جێگاو بێ شوێن بوونی بەهەزاران خێزانی کورد کە پێویستە شوێن و جێگایان بۆ پەیدا بکرێت.. **وە ئەگەر زەکەریا زەویشی وەرگرتبێ ئەوە هیچ ریگا لەوە ناگرێ کە خەلکیش زەوی وەربگرێ خۆ سلێمانی هەر ئەوەندە نییە..** تێکەڵ کردنی ئەو دوو بابەتە تەنها ناشیرین کردنی رووی نووسینە دەنا هیچی تر..

پاشان وا پێ دەچی هەر بەخۆی نووسینێکی تری نووسیوە ئەوەش بۆ ناشێرین کردنی ناوی زەکەریا کە هەموو کەس دەزانێ ئەو نووسینە لە دژی زەکەریا نووسراو بە ناوی
زانا و بلیمەتی کورد زەکەریا عەبدوڵلا لەئاڵای کوردستان و سروودی ئەی رەقیب گەورەترە ... گۆران قلادزەیی
دەنا زەکەریا قەت خۆی بە گەورەتر نەزانییوە لە سروودی ئەی رەقیب وئاڵای کوردستان وە لە رەوشتی زەکەریا ناوەشێتەوە کە رۆژەک بە خراپە باسی هەر هونەرمەندەکی کورد بکا بە خراپە یان باسی شاعیرێک، وەکەس تا ئێستا شتی وای لەم هونەرمەندە نەزانیوە.. زەکەریا پێی وایە هیچ کەس لەئاڵای کوردستان گەورەتر نییە بەلکو هەمووەمان خۆمان بە قوربانی ئاڵای کوردستان دەکەین و خوێنی خۆمان بۆ ئـاڵای کوردستان دەرێژین ئەگەر کاک عومەر گوێ لە سرووودەکانی زەکەریا راپگری دەزانی داخوە زەکەریا چۆن دەروانێتە ئاڵای کوردستان وخوێنی شەهیدان..
کاک عومەر خۆی دەزانی کارێکی باشی نەکردووە وەک رۆژنامە نووسێک ئەگەر خۆی بە رۆژنامە نووس بزانێ وە دەیتوانی ووتەکانی پورە رەعنا بە شێوەیەکی تر بەکار بێنی و زیاتر ویژدانی خەلکی پێ بتەزێنی نەک ناوی خەلکی پێ بزرێنی..

لە کۆتاییدا داوا لە کاک عومەر دەکەم کە ئەگەر بواری هەبی با بچێت چەند کتێبێک لە هۆلەندا بخوێنیتەوە لەسەر یاساکانی ڕۆژنامەگەری یان بچێت بۆ خولێک لەوخولانەی کە لە هۆلەندا بۆ کۆمەڵە کوردیەکان دەکرێتەوە لەلایەن کۆمۆنی شارەکان دەربارەی ئازادی نووسین و یاساو ڕەوشتەکانی نووسین و یاسای بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەو رادیۆو تیڤی...

وە من وای بەباش دەزانم داوای لێ بوردنیش لە هونەرمەند زەکەریا بکات بۆ ئەوەی ڕاستگۆی خۆی لەدەست نەدات و ناوی هیچ هونەرمەندێک لەکەدار نەکات.. وەتکایە چیتر شتی بەو هەڕەشەو گوڕەشەیە مەنووسە وە وەک دەڵێن بە ئەعسابەوە شت مەنووسە چونکە هەموو کەس دەزانێ ئەم جۆرە نووسینانە گۆمانیان لێ دەکرێ..

ئیتر هەر سەرکەوتوو بی کاک عومەر فارس

هەر سەرکەوتوو وپایەدار بێ هونەرمەند زەکەریا 

hunarfars@hotmail. com

کوردستان نێت:

بەڕێز کاک هونەر فارس:

ئێمە بوختان بۆ کەس ناکەین و هەواڵی ڕاست بڵاو دەکەینەوە، ئەگەر پێویست بکات ئەوا ئێمە دەتوانین ژمارەی پارچە ئەرزەکان و ژمارەی تاپۆکەش بنووسین و بڵاوی بکەینەوە.

بەڕێز: ئەگەر خواستیشت ئێمە دەتوانین ئیمایڵ و IP ئەدرەسی (گۆران قەڵادزەیی) ت بۆ بنێرین، تاکو لێی بپرسیت، کە بۆچی شتی وای نووسیوە.

ئێمە ئەوەی وتومانە بەناوزڕاندنی نازانیین، بەڵکو بە جۆرێك لەگەندەڵی دەزانین و مافی ئێمە و هەموو کەسێکیشە دژی گەندەڵی بوەستێتەوە.